هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البحث و التطوير
مديرية الدراسات العليا

No: ژمارە: ١٠٩٩٨
Date: / / رێکەوت: / ٨ / ٢٠١٧ ی زایینی
/ ٥ / ٢٧١٧ ی کوردی

بۆ/ گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ
نووسینگەی بەڕێزی.سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا
ب/ گشتاندن

سڵاو و ڕێز ....

لەبەر گرنگی خەبات و تێکۆشانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان، ئەو پێشکەشکارانەی لە خوێندنی ماستەر یان دکتۆرا لە زانکۆکانتان لە سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) پێشکەشیان کردووە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوونە بەڵام بە هۆی نەمانی کورسی خوێندن وەرنەگیراون و کەسوکاری پلە (١) یەک (واتە کور یان کچ یان هاوسەر)ی شەهید یان ئەنفالکراو یان زیندانیانی سیاسیین، ئەوا کورسی خوێندنیان بۆ تەرخان بکرێت بە مەرجێک نووسراوی پشتگیری لە دیوانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان بە واژووی بەڕێز وەزیر ڕاستەوخۆ بۆ زانکۆکانتان بهێنن و هەروەها خەرجی کرێی خوێندنی ساڵانەیان لەسەر ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت بەپێی (بڕگەی یەکەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٧)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە بە نووسراویان ژمارە (١٣/٤/٩) لە (٢٠١٧/١/٣) دەرچووە.

بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست... لەگەڵ ڕێزدا...

**هاوپێچ:**
وێنەیەک لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٧)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

Ministry of Higher Education & Scientific Research 2006
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

وێنەیەک بۆ:
* نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ ئاماژە بە لیدوان لەگەڵ بەڕێزتان لە ڕێکەوتی (٢٠-٧-٢٠١٧)/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ ئاگاداری و پێدانی پشتگیری تەنها بە کەسوکاری پلە یەکی شەهید و ئەنفالکراو و زیندانیانی سیاسی/ لەگەڵ ڕێزدا.
* نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی وەزیر (٢)/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە/ لەگەڵ ڕێزدا.
* فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین/ لەگەل ڕێزدا.
* گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بەپێی پەیوەندی/ لەگەل ڕێزدا.
* بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ لەگەڵ بەرابیەکان.
* دەرکردە/خولاو.

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستـــان - عیراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتــی دارایـی و ئابووری<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری<br>ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون | Kurdistan Region – Iraq<br>Presidency Council of Ministers<br>Ministry of Finance & Economy<br>General Directorate of Accounting | اقلیم کوردستـان - العراق<br>رئاسـة مجلس الوزراء<br>وزارة المالية والاقتصاد<br>مديرية المحاسبات العامة<br>م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة |

ژمارە: ٩ / ٤ / ١٢١ ڕێکەوت: ٢ / ٨ / ٢٧١٦ کوردی ڕێکەوت: ٢ / ٨ / ٢٠١٧ زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٣ )

## بۆ/ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان

## ب/ کرێ ی خوێندن

پاڵپشت بە ماددەی (٧) ی یاسای ماف و جیاوگەکانی (امتیازات) کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٩) ی ساڵی /٢٠٠٧ و برگەی (پێنجەم) لە ماددەی (شەشەم) لە یاسای جیاوگەکانی بەندکراو و ڕاگیراوانی سیاسی کوردستان ژمارە (١١) ی ساڵی /٢٠١١ و ئاماژە بە نووسراوەکان و فەرمانی بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ٧٩١٨ لە ٢٠١٢/٧/١٦ و ژمارە/ ٨٤٢٩ لە ٢٠١٥/١١/٤ و ژمارە / ٥١١٨ لە ٢٠١٦/١٢/٥ تایبەت بە ڕێکخستنی چۆنیەتی خەرج کردنی کرێ ی خوێندن ، ئەم ڕێنماییەتان ئاراستە دەکەین :-

**یەکەم /** خەرج کردنی کرێ ی خوێندنی ساڵانە بۆ هاوسەر و کچ و کوڕی شەهیدان و ئەنفالکراوکان و زیندانیانی سیاسی خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی هەریەك لە زیندانیە سیاسیەکان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن کە بە پارە دەخوێنن لە دامەزراوە حکومی و ئەهلیەکان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە مەرجێك لە لایەن هەردوو وەزارەتی پەروردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی باوەڕ پێکراو بێت .

**دووەم /** بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە هەمان میکانیزمی خالی(یەکەم) ی سەرەوە مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت .

**سێ یەم /** وەرگرتن بەپێ ی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم دەبێت و بەدەر لەم ڕێنماییە کرێ ی خوێندن خەرج ناکرێت .

**چوارەم /** کرێ ی ساڵانەی خوێندن خەرج دەکرێت بە ڕێژەی (١٠٠%) .

**پێنجەم /** ئەگەر قوتابی ساڵی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تێ نەپەڕێنێت (ڕاسب) بێت کرێ ی خوێندنی ئەم ساڵەی بۆ خەرج ناکرێت .

**شەشەم /** قوتابی ناتوانێت زیاتر لە جارێك لە زانکۆکانی ئەهلی بخوێنێت و تەنها لە حاڵەتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر کرێ ی خوێندنی بۆ خەرج دەکرێت .

**حەوتەم /** بە هیچ شێوەیەك ڕێگا نادرێت بە گۆڕینی بەش یان گواستنەوەی قوتابی لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تری ئەهلی بەدەر لەو حاڵەتانەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێگەیان پێ دەدات .

**هەشتەم /** دواخستن (تأجیل) یان مۆڵەت وەرگرتن بەبێ پاساوی یاسایی و رازیکەر ، کرێ ی خوێندنی بۆ خەرج ناکرێت .

**نۆیەم /** هەر قوتابیەك لە هەر قۆناغێکی خوێندن دەربکرێت (فصل) و بەپێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە زانکۆیەکی تر وەربگیرێتەوە ئەوا کرێ خوێندنی قۆناغەکانی پێش دەرکردنی لە زانکۆ نوێیەکە بۆ خەرج ناکرێت .

**دەیەم /** بێجگە لە کرێ ی خوێندنی ساڵانە ، هیچ خەرجییەکی تر بۆ قوتابی خەرج ناکرێت .

**یانزەهەم /** حکومەتی هەرێم بەرپرس نیە لە خەرج کردنی ئەو پارەیەی کە لە لایەن هەر زانکۆیەکەوە لە قوتابی وەردەگیرێت لە بڕی تاقیکردنەوەی خولی دووەم .

**دوانزهەم/** حکومەتی هەرێم پارەی خوێندن لە دەرەوەی وولات بۆ هیچ قوتابیەك خەرج ناکات .

**سێزدهەم /** پێدانی دەرماڵەی نیشتەجێ بوون بە بڕی (٥٠٠٠٠) تەنها (پەنجا هەزار دینار) بە مەرجێك بەشی ناوخۆی بۆ دابین نەکرابێت و دەرماڵەی خوێندن بە بڕی (٥٠٠٠٠) تەنها (پەنجا هەزار دینار) مانگانە .

**چواردەهەم /** پێشکەش کردنی پسوولەی خەرجی خوێندن لە دەستپێکی ساڵی خوێندن تا ماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت و بەپێچەوانەوە خەرج ناکرێت.

**پانزەهەم /** پێشکەش کردنی پسوولەی ئەم خەرجییە پێویستە لەرێ ی بەڕێوەبەرایەتیە تایبەتمەندەکانەوە بێت.

**شانزەهەم /** ئەم ڕێنماییە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٦ - ٢٠١٧) و بەدواوە جێ بەجێ دەکرێت .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا.

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/س- دیوان/ ف - ك - دارایی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت جگە لە وەزارەتی ناوبراو .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتمان .. بۆ گشتاندنی ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر/ (١و٢)ی سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان/ سۆران/ ڕاپەرین/ ئاکرێ/ کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ/ ئامێدی / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .